## عەلی گەلاوێژ

وێبلاگی "روانگە" لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٧ ەوە دەستی بە بڵاوکردنەوەی هەندێ بەڵگەنامە کردوە کە بریتین لە نامە گۆڕینەوە و نامە نووسینی هەندێ کەسایەتی کوردی دانیشتووی سۆڤیەتی پێشوو لە ساڵانی ١٩٥٠ دا. ئەودەم نەمر مەلا مستەفای بارزانی لە سوڤیەت بوو و هێشتا نەگەڕابۆوە بۆ عیراق.

لە نامەکاندا هەندێ ئاماژە بە ژیانی نەمر دوکتور عەلی گەلاوێژ کراوە کە ئەودەم لە ئازەربایجانی باکوور(سۆڤیەتی) دەژیا. نەمر دوکتۆر رەحیمی سەیفی قازیش ئەودەم لە هەمان شوێن دەژیا، و پێکەوە رۆژنامەی "کوردستان"یان بڵاو کردەوە کە لاپەڕەیەک بوو لە چوار لاپەڕەی رۆژنامەیەکی تورکی ئورگانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی ئێران.

نیاز لە کردنەوەی ئەو باسە، رووناکی خستنە سەر ژیان و چالاکییەکانی گەلاوێژ و پێداویست بوونی دەست راگەیشتن، شی کردنەوە، و ئەگەر بکرێت لە چاپدانەوەی هەموو ژمارەکانی رۆژنامەی "کوردستان" چاپی باکۆیە، کە بەداخەوە کەسێکی ئەوتۆ لە دەرەوەی سۆڤیەت چاوی پێی نەکەوتوە. بە گوێرەی زانیارییەک کە لە کاک حەسەنی قازیم وەرگرتوە، دوکتۆر "توورەج ئەتابەکی" مامۆستای زانستگە لە هۆلەندا هەموو ژمارەکانی لە لایە و دوکتور ئەمیری حەسەنپووریش لە کەنەدا، کۆپی ٥٠ ژمارەیەکی لەبەردەستدایە. ئەو رۆژنامەیە، روونکەرەوەی هێڵی فیکریی گەلاوێژ ودوکتۆر رەحیم و بە گشتی، باڵێکی حزبی دیموکراتی کوردستانن (گەرچی لە بارودۆخی ئەودەمی سۆڤیەتدا، کەس خۆی نەبوو و نەیدەتوانی لە جوغزی دەست نیشانکراوەی دەزگا ئاسایشیەکان لا بدات!)

هەروەها ئەو نامە و وەڵامانەی وا لە نێوان نەمران بارزانی و مستەفا شەڵماشی و ئەوانیتری دانیشتووی سۆڤیەتدا ئاڵ و گۆڕ کراون و ئێستا لە وێبلاگی روانگە دا بڵاو دەبنەوە، تیشکێکی باش دەخەنە سەر ژیانی ئەو کەسانە و هەموو پەنابەرانی کورد لە سۆفیەتی ئەودەم.

ئەرکی کاک حەسەنی قازی لە بڵاوکردنەوەیاندا جێگەی رێز لێگرتنە.

www.ruwange.blogspot.com